وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی
زانستی زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی ئەدەبیات
کۆمەڵناسی
قۆناغی چوارەم

پلانی کۆمەڵایەتی

مامۆستای بابەت : د.لەشکر عەلی ئەکبەر

پلاندانانی کۆمەڵایەتی

پلان/ شێوازێکی بیرکردنەوەی لۆژیکانەیە و، کردارێکی گشتی فروانە بۆ گەیشتنە بەئامانجێکی دیاریکراو لەکاتێکی دیاریکراودا.

لەم پێناسەیەدا سێ خاڵی گرنگ دەبینین کە بریتین لە:

١. پلان شتێکی زهنی هەستپێکراوە، واتا هەست بەشتێك دەکرێت بۆ ئەوەی پلانی بۆ دابڕێژرێت.
٢. کات، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی پلان ئەوەیە کە بۆ کاتێکی دیاریکراو دادەڕێژرێت، (١ بۆ ٣) ساڵ پێی دەوترێت کورت خایان، (٥ بۆ ١٠) ساڵ مامناوەند، هەروەك (١٥ بۆ ٣٠)ساڵیش پێی دەوترێت پلانی درێژخایان.
٣. ئامانج/ هەموو پلانێك ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، بەدەستنیشانکردنی ئەو ئامانجە شێواز و چوارچێوەی پلانەکە دەردەکەوێت، بەوەش ئەو ئامرازانە دیاری دەکرێت کە پێویستە بخرێتە ناو چوارچێوەی پلانەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دیاریکراوەی کە پلانەکەی بۆ دادەڕێژرێت.

پلاندانانی کۆمەڵایەتی

ئامانجی سەرەکی پلاندانانی کۆمەڵایەتی دابینکردنی یەکسانی کۆمەڵایەتیە، یەکسانی کۆمەڵایەتیش خۆی دەبینێتەوە لە (بیمە، کار، داهات و خوێندن)، بەڕەچاوکردنی بیرکردنەوە لە دوا رۆژ.

پ/ مەبەست لە پلاندانی دۆخی کۆمەڵایەتی چیە؟

و/ هەموو پلانێك ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە پێویستە لەکاتی دانانی هەر پلانێك رەچاوی دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو شوێنە بکرێت کە پلانەکەی بۆ دادەڕێژرێت، واتا رەچاوی کولتوری و داب و نەریت و ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە بکرێت، ئینجا پلانەکە دابڕێژرێت، بەپێچەوانەوە پلانەکە ناتوانی ئەو ئامانجە بپێکێت کە لە پێناویدا دارێژراوە.

پ/ چۆن بەپێی سیستەمی سیاسی وڵات پلانی کۆمەڵایەتی دادەڕێژرێت؟

و/ گومانی تێدا نیە سیستەمە سیاسیەکان لە دارشتنی پلانەکانیان جیاوازیان هەیە، بۆ نمونە لە سیستەمی لێبرالیزم پلان بەشێوەیەکی نامەرکەزی دادەڕێژرێت، واتا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بەشداری دەکەن لە دارشتنی پلان، بەشێوەیەك پلانەکە لە خوارەوە دەست پێ دەکات لەسەرەوە تەواو دەبێت. لە سیستەمی سوشیالیزم پلان بەشێوەیەکی مەرکەزی دادەڕێژرێت، واتا لەسەر پلان دادەڕێژرێت و لە خوارەوە جێبەجێ دەکرێت، هەرچی سیستەمی سوشیال دیموکراتە ئەوا پلانەکان بەشێوەی تێکەڵاو (مەرکەزی و نامەرکەزی) دادەڕێژرێن، بۆ نمونە وەزارەتی پەروەردە پلانی سیستەمی خوێندن پەسند دەکات، بەڵام لە خوارەوە مامۆستاکان ئازادن لە چۆنیتی گەیاندنی ئەو پلانە بەقوتابیان و خوێندکاران، بەڵام بەرچاوکردنی چوارەچێوە گشتیەکانی پلانەکە و نابێت لەو چوارچێوەیەدا دەربچێت.

پ/ کاریگەری هۆکارە دەرەکییەکان لەسەر پلانەکانی هەرێمی کوردستان چیە؟

و/ هۆکارە دەرەکیەکان کاریگەری زۆریان لەسەر پلانی وڵاتان هەیە، بەڵام لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لە کورستان هۆکارە دەرکییەکان کاریگەری زۆر دەکەنە سەر پلانەکانی کوردستان، بۆ نمونە بەهۆی ئەوەی کوردستان زیاتر وڵاتێکی بەکاربەرە لەوەی بەرهەمهێنەر بێت، بۆیە هەر گۆڕانێك لە هۆکارە دەرەکییەکان ڕووبدات کاریگەری لەسەر کوردستانیش بەجێدەهێڵێت، چونکە لەڕووی ئابوریەوە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری کە ڕێژەی بێکاری بەرزبووەو کێشە کۆمەڵایەتیەکانیش زۆر دەبێت وەك زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق بەهۆی خراپبوونی دۆخی ئابوری، ئەوەش دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی خێزان و لەبەیەك هەڵوەشاندنەوەی کە بەدوای خویدا پەرتەواز بوونی منداڵی لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش لە زۆربەی جارەکان بەشێوەیەکی ناتەندروست پەروەردە دەبن و کاریگەری دەکەنە سەر دۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیستەمی سیاسیش ناتوانێت چارەسەری ئەو دۆخە بکات، بۆیە ناسەقامگیری سیاسی لە وڵات دێتە ئاراوە، ئەوەش سەرباری چەندین کێشەو گرفتی دیکە کە دەبنە هۆی تێکچوونی دارشتنی ئەو پلانە کۆمەڵایەتیەی کە کورستان بۆ دۆخی کۆمەڵایەتی دایدەڕێژت و ناتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت.

پلاندانان

١. پلاندانان جۆرێکە بۆ باشترکردن و هاوسەنگکردن و هەڵبژاردنی باشترین ڕێگەیە، کە ئامانج لێی باشترکردنی دۆخی کۆمەڵگەو زیادکردنی سودەکانیەتی.
٢. بەهۆی ئەوەی کە دونیای ڕاستی هەموو شتێك سنوری هەیە، بۆیە تا بتوانین ئەم سنورانەی کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی کارەکان تێپەڕیان بکەین پێویستە پلان هەبێت، چونکە پلان باشترین خاڵەکان، یان ڕێگەکان، کە زۆرترین سودیان هەبێت بۆ گەیشتن بەئامانجەکان دەستنیشانیان دەکات.
٣. پلاندانان شێوازێکی بیرکردنەوەی لۆژیکانەیە بۆ گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکان لەکاتێکی دیاریکراودا.

پلاندان پڕۆسەیەکی هۆشمەندانەیە، هەربۆیە دەتوانین دابەشی سەر ئەم خاڵانەی خوارەوەی بکەین:

١. پلاندان پڕۆسەیەکە، نەك پەیوەست بێت بەیەك چالاکی، یان یەك بەلگەی دیاریکراو. بەڵکو بڕیارێکی بەردەوامەو کۆمەڵێك چالاکییەکی ئاڵۆز لە بوارەکانی (کۆکردنەوە، هەڵبژاردن، تاوتوێکردن، دیاریکردنی ئەولەویەتەکان و...هت) لە خۆدەگرێت کە گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکان ئاسان دەکات.
٢. پلاندانان، دیاریکردن و ڕێکخستنی زنجیرەیەك چالاکی و هەوڵدانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە دوارۆژ ئەنجام دەدرێن.
٣. لە ڕاستیدا پلاندان باشترکردنی ئامانجی بەڕێوبەرو پلاندارێژەرانە.

٤. پلاندانان کۆششێکی بەردەوامە.

٥. پلانـدان چـالاکییەکی زانسـتی و هۆشـیاریانەیە بـۆ ڕوبەڕووبونـەوە لەگـەڵ ڕاسـتیەکانی دۆخـی ئێسـتاو گەیشـتن بەڕێگەیەك بۆ چارەسەرکردنی گرفت و مەسەلەکان.

پلاندانانی کۆمەلاێەتی

١. هەموو کاتێك کۆمەڵگەکان بەدوای ئەوەوەن، کە بارودۆخی ئێستای خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن، ئـەوەش پێویسـتی بە گۆڕانکاری هەیە لەلایەنەکانی سیاسی، کۆمەلاێەتی، کارگێڕی...هتد.

٢. گۆڕانکـاری دوو شـێوەی هەیـە، **یەکـەمیان گۆڕانکـاری بەپلانـە**، کـە بریتیـە لـەو گۆڕانکارییـەی کـە حکومـەت و دەسـەلاتی سیاسـی پێشـوەختە پلانـی بـۆ دادەڕێـژێت، **جـۆری دووەمیـان گۆڕانکـاری بـێ پلانـە**، ئەمـەش بـەهۆی گەشەپێدانی کۆمەڵگەوە دێتە ئاراوە.

٣. هەر بۆیە پلانی کۆمەلاێەتی بۆ پشتگیریکردن لەو گۆڕانکارییە کۆمەلاێەتیانە دادەڕێژرێ کە پلانیان نیە.

چەمکەکانی پلاندانانی کۆمەلاێەتی

چەمکی گشتی: بریتیە لەو پلانەی کە هەموو بەشەکانی ئابوری، کۆمەلاێەتی، کەلتوری و ئیداری دەگرێتەوە.

چەمکی تایبـەت: بریتیـە لـەو پلانـەی کـە بـۆ بەشـێکی تایبـەت کۆمەلاێـەتی دادڕێـژرێت وەك پـەروەردە، تەندروسـتی، نیشتەجێبوون، کە لێرە زیاتر چۆنیەتی دابەشکردنی خزمەتەکان و سەرچاوەکان لە کۆمەڵگەدا ڕەچاو دەکرێت.

ئـالفرد کـان لـەبارەی پلانـدانی کۆمەلاێەتیـەوە دەڵێـت:" بریتیـە لـە پلانێکـی مـەنتیقی و تـەواو، بـۆ دروسـتکردنی سیسـتەمێکی کۆمەلاێەتیـە بەمەبەسـتی پێشـکەوتنی ئامانجـە کۆمەلاێەتیـەکان لـە چوارچـێوەی پـڕۆژە کۆمەلاێەتیـە تایبەتەکان.

ئامانجی بنەڕەتی پلاندانانی کۆمەلاێەتی بەدەستهێنانی ڕێگە پێویستیەکانە بـۆ پەرەپێـدانی کۆمەلاێـەتی، کـە ئـەوەش لەگەڵ ئامانجەکانی دیکەی وەك ئازادی، عەدالەتی کۆمەلاێەتی، یەکسانی لە دەرفەتەکان و دابەشـکردنی سەرچـاوەکان و سەربەخۆی بنەماکانی کۆمەلاێەتی ڕێکدەخرێت.

پلاندانانی کۆمەلاێەتی ڕێکخستنی هۆشیارانەی دەرفەت و توانا کۆمەلاێەتیەکانە بۆ گەیشتن بەئامانجـەکان کـە بـریتین لە عەدالەت و بەرابەری و ئازادی لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو.

تایبەتمەندی و پێداویستیەکانی پلان

١. دەبێت پلان ڕوانگەیەکی گشتی هەبێت و هەموو توێژەکان بگرێتەوە.

٢. لە هەموو بارودۆخێك چالاکی هەبێت، بەبێ ئەوەی گرنگی خۆی لەدەست بـدات، نمونـەی ئـەو جـۆرە پلانـەش لـە سوریا دەبینرێت، کە سـەرباری خراپبـوونی دۆخـی ئـەمنی و سیاسـی لـەو وڵاتـە، تـا ئێسـتا پلانـی کشـتوکاڵی هـەر بەهێزەو گرنگی خۆی لەدەست نەداوەو خاوەن بەرهەمی خۆیەتی و ئەوەتا هەرێمی کوردستان سوود لە بەرهەمی

کشتوکاڵی سوریا وەردەگرێت. هەروەك پێویستە پلانەکان تەنها بۆ یەك سیستەمی حکمڕانی دانەڕێژرێن، بەڵکو دەبێت بەپێی قۆناغبەندی مێژووی کۆمەڵگە دابڕێژرێت.

٣. دەبێت پلان رێگەو شێوازێکی باشی بۆ ڕێنمای و بەڕیوەچونی هەنگاوەکانی هەبێت.

٤. ئامانجێکی زۆر و گشتی هەبێت.

٥. توانای بەردەوامی هەبێت.

٦. بیر لە دواڕۆژ بکاتەوە لەکاتی ئەنجام لە هێڵی راستەقینەی خۆی دوورنەکەوێتەوە، بۆ نمونە وەرگرتنی خوێندکاران و قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکان دەبێت بەپێی پێداویستیەکانی دواڕۆژی کۆمەڵگە بێت و دۆخی کۆمەڵگە ڕەچاو بکرێت لە وەرگرنیان.

تایبەتمەندییەکانی پلان

١. دەبێت ئامانجی پلان دیارو ڕوون بێت، واتا ئامانجەکانی بەوردی دەستنیشان کردبێت.

٢. پلانی باش دەبێت سادەو گشتگیر بێت.

٣. پلان دەبێت نەرمی و چەمانەوەی بێت.

٤. دەبێت سنوری ئەنجام و کاتی پلان دیاریکراو بێت.

٥. دەبێت هەموو بەرپرسان و لایەنە پەیوەندارەکان هاریکار بن و بەشدار بن لەداڕشتنی پلان.

مەرجەکانی پلانی سەرکەوتوو

١. کورت و ڕوون بێت لە ئامانج و داڕشتندا.

٢. نەرمبێت و توانای گونجانی لەگەڵ پێشهات و قۆناغەکاندا هەبێت، هەروەك ئاستی جۆراوجۆری کارکردنی تێدا بێت و هاوسەنگیش بێت.

٣. گرنگی بدات بەئەولەویەت و، ڕەچاوی ئەم بنەمایە لە هەموو بوارەکاندا بکات.

٤. واقیعی بێت و کار بۆ باشترکردن بکات و، بەدوای پێویستیەکانی کۆمەڵگە بێت.

٥. ئامادەکاری بۆ هەموو ئەگەرو سەرچاوەو ئامرازەکان هەبێت.

٦. جیاوازییەکان بەتەواوەتی بناسێت، ئەگەر نا دەبێتە بەرهەڵستی و کۆسپ بۆ پلانەکە، ئەو جیاوازیانەش دەتوانێت کەلتوری، کۆمەڵایەتی، ئابوری و...هتد لە نێوان کۆمەڵگەکان، یان نەتەوەکان بێت.

جۆرەکانی پلاندانانی کۆمەڵایەتی

یەکەم/ لە بواری بەشداریکردنی حکومەت

١. پلاندانانی ئیداری، ئیزنی، دەستوری: لە پلاندانان بڕیاری، تەنها حکومەت سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی پلانی هەیەو ئامانج و بودجەی حکومەت دیاری دەکات و هیچ نەرمیك لە پلان نیە.
٢. پلاندانانی ڕابەری، یان ئیرشادی: لەم جۆرە پلانەدا حکومەت ئەرکی هیدایەت و چاودێرییە، لەم جۆرە پلانە میکانزمی بازار بەکاردەهێنن، کەرتی تایبەت پلانەکە بەڕێوەدەبەن و حکومەت سەرپەرشتی دەکات.

دووەم/ پلاندانان لە بۆچوونی ئاستەکانی کۆمەڵگە

١. پلاندانانی گشتی و بەربڵاو/ ئەم جۆرە پلانە زیاتر بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە گشتی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام دەدرێت، وەك پلاندان لە بواری تەندروستی، گەشی ئابوری.
٢. پلاندانانی تایبەت/ ئەم جۆرە پلانەش زیاتر لەبەشە جیاوازەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا ئەنجام دەدرێت، وەك بواری کشتوکاڵ.
٣. پلاندانان لە ئاستی ورد/ ئەم جۆرە پلانەشیان بۆ بەشێکی تایبەت ئەنجام دەدرێت، وەك پەرەپێدانی بەشی پزیشکی لە کەرتی تەندروستی.

سێیەم/ جۆرەکانی پلاندانان بەشێوەی پانتایی

١. پلاندانانی نەتەوەیی/ لە پلاندانانی نەتەوەیدا سیاسەتەکانی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی ئەنجامدانی پلان دیاری دەکرێت، ئەم جۆرە پلانە ماوەی چەند ساڵ جارێك (٥ ساڵ یان ٤ ساڵ) جارێك بۆ هەموو وڵات دادەنرێت و هەموو ئاستەکانی پلاندانانی گشتی و تایبەتی و ورد دەگرێتەوە.
٢. پلاندانانی ناوچەیی/ لەم جۆرە پلانەدا سیاسەتەکانی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی یەك، یان چەند ناوچەیەك بەرچاو دەکەوێت و بریتیەلە پلانی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان.
٣. پلاندانانی شار/ لەم جۆرە پلانەشدا بەسەرەنجدانی باری ئابوری و ئەرکی شار، چۆنیەتی دابەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەکارهێنانی زەویەکانە، وەك دروستکردنی گەڕەکەکان، چارەسەری ترافیك، پارك و...هتد.
٤. پلاندانانی لادێی/ لە دارشتنی ئەم جۆرە پلانەشدا چۆنێتی پەرەپێدانی و زیادکردنی بەرهەمی گوندەکان و چارەسەری کێشەی گوندەکان، زیادەکردنی خزمەتگوزارییەکان ڕەچاو دەکرێت.

چوارەم/ پلاندانان لە ڕوانگەی کات

١. پلاندانانی درێژخایان/ ئەم جۆرە پلانە ماوەکەی لە نێوان (١٠ تاوەکو ٢٠) ساڵ دەخایێنێت و بوارەکانی (پەروەردە، کەلتور، ئابوری...) دەگرێتەوە.
٢. پلاندانانی مامناوەندی/ ئەم جۆرە پلانەش ماوەکەی لە نێوان (٣ تاوەکو ٧ و هەندێجاریش تا ١٠) ساڵ دەخایێنێت وەك لە بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردی، کە زۆرجار ماوەکەی دەگاتە ١٠ ساڵ.
٣. پلاندانانی کورتخایەن/ ئەم جۆرە پلانەش ماوەکەی لە نێوان (١ تاوەکو ٣) ساڵ دەبێت.

پێنجەم/ پلاندانان لەڕوانگەی (بۆچوونی) سیستەمە سیاسیەکان

١. پلاندانانی سەرمایەداری/ ئەم جۆرە پلاندانانە کۆششێکی هۆشیارانەی حکومەتە بۆ گەشەپێدانی بواری ئابوری، لەم جۆرە سیستەمەدا کەرتی تایبەت بەپرسی بەڕێوەبەربردنی پلانە.

٢. پلاندانانی سویشالیستی/ ئەرکی بەڕێوەبردنی پلانە لەم جۆرە سیستەمەدا دەکەوێتە سەر حکومەت، حکومەت بەشێوازی مەرکەزی پلانەکە بەڕێوەدەچێت و ڕێك دەخرێت.

٣. پلاندانانی تێکەڵاو/ لەم جۆرە پلانەشدا بەهاریکاری نێوان کەرتی تایبەت و حکومەت بەڕێوەدەچێت.

سیستەمی سەرمایەداری		سیستەمی سویشالیستی		سویشیال دیموکرات (تیکەڵاو)
١	بەشێوەیەکی نامەرکەزی دادەڕێژرێت	١	بەشێوەیەکی مەرکەزی دادەڕێژرێت	یاساییەکی سەرەکییە بۆ کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام کەرتی تایبەتیش ڕۆڵی هەیە، هاریکارییەکە لە نێوان سیستەمێکی مەرکەزی و نامەرکەزی، بۆیە پلانێکی تێکەڵاوە
٢	لە خوارەوە بۆ سەرەوە دادەڕێژرێت	٢	لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەڕێژرێت	
٣	بەپێی دۆخی کۆمەڵگە دادەڕێژرێت	٣	بۆ هەموو کۆمەڵگە دادەڕێژرێت	
٤	دەتوانرێت گۆڕانکاری لە پلاندا بکرێ	٤	ناتوانرێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت	
٥	بەشداریکردنی خەڵك فراوانە	٥	بەشداریکردنی خەڵك سنورداره	

پلاندانانی مەرکەزی و نامەرکەزی

ئەم دوو پلانە لە ناوەڕاستی سەدەی (٢٠) دەستیان پێکرد، کە لە هەردوو سیستەمی (سەرمایەداری و سویشالیستی) پەیڕەو دەکرێت. پلاندانانی مەرکەزی تایبەتە بەسیستەمی سویشالیستی و پلاندانانی نامەرکەزیش پەیوەستە بەسیستەمی سەرمایەداری.

پلاندانانی مەرکەزی

شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم پلانە بەم شێوەییەی خوارەوە دەبێت:

١. پلانەکە بۆ هەموو سیستەم و دەزگاو دامەزراوەکانی وڵات بەشێوەیەکی هاوسەنگ دادەنرێت و ئەنجام دەدرێت.

٢. لەم جۆرە پلانەدا بڕیارەکان لەسەرەوە تەواو دەبن و، ئاستەکانی خوارەوە بەشداری لە داڕشتنیدا ناکەن، هەروەك هیچ جۆرە دەست تێوەردانێکی تێدا نیە. بەواتایەکی دیکە هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان داڕێژەرانی پلان لەسەرەوە لەگەڵ ئاستی خوارەوەدا نیە.

٣. شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە پلانە یەك لایەنەیە، ئەوەش مانای ئەوەیە هەموو قۆناغەکانی پلان لە ئاستی سەرەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەڕێوەی دەبات.

لایەنە باشەکانی پلاندانانی مەرکەزی

١. بڕیاردانی خێرا/ بەهۆی ئەوەی ئەم جۆرە پلانە لەلایەن چەند کەسێکی دیاریکراوەو کەم دادەڕێژرێت، بۆیە بڕیارەکان کە دەدرێن خێران.
٢. بڕیارەکان دوای دەرچونیان توانای جێبەجێکردنی لەسەرجەم وڵات، یان دەزگاو دامەزراوەکانی وڵات دەبێت.
٣. شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە پلانە بۆ هەموو بەشەکانی وڵات بەیەك شێوەیەو هاوسەنگە، دەرئەنجامی ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجیەکان و کات بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە.
٤. دیاریکردن و پەیڕەوکردنی هێزی کار خێراتر ئەنجام دەدرێت.
٥. بەهۆی ئەوەی بۆ هەموو وڵات، یان دامەزراوەکانی حکومەت لەلایەنی (دارایی و بودجە) وە بەستراوەتنەوە بەناوەند (مرکز)، بۆیە لە بودجەو تواناکان هەموو بەش و دامەزراوەکانی وڵات وەك یەك یەکسان دەبن.

لایەنە خراپەکانی پلاندانانی مەرکەزی

١. دورکەوتنەوە لە کەسانێك کە لە ژینگەی ناوچەکان، یاخود لەدەزگاو دامەزراوە جیاکان کاردەکەن، ئەمەش مانایی ئەوەیە کە بەڕۆهی ئەوەی بڕیارەکان لە مەرکەزەو دێن زۆر گرنگی نادات بەپێداویستی ناوچەکان و زانیارییەکانیان بەشێوەیەکی گشتیە، ئەوەش دەبێتە هۆی ناگونجان و نەسازان لە پلانەکان.
٢. ڕەچاونەکردنی هەلومەرجی ژینگەیی لەو شوێنەی کە پلانی بۆ دادەڕێژرێ، یان بەڕێوەدەچێت.
٣. بەشدارینەکردنی ئاستەکانی خوارەوە لە داڕشتنی پلان.
٤. هیچ بەڕێوەبەرێك مافی گۆڕانکاری لە قۆناغەکانی پلاندا نابێت.
٥. هەر کێشەو کەموکوڕییەك لە پلانەکە، دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە بۆ تەواوی وڵات.
٦. لەم جۆرە پلانەدا بڕیارەکان زیاتر تاقی ناکرێنەوەو دێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

دووەم/ پلاندانانی نامەرکەزی

شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە پلانە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١. لەم پلانەدا بڕیارەکان لە ئاستی خوارەوەن، واتا لە بەشەکانی کەبەرپرسن بەڕێوەی پلانن، دواتر پلانەکە لە ئاستی سەرەوە جێگیرو تەواو دەبێت.
٢. بڕیارەکان ئاماژە بەپێداویستی و هەلومەرج و توانای هەموو ئاستەکان، یان ناوچەکان دەدات.
٣. شێوازی بەڕێوەبردنی ئەم پلانە دوولایەنەیە، مانای ئەوەیە هەموو بەشەکان لە ئاستی سەرەوە ئاستی خوارەوە بەشداری لە بەڕێوەبردنی پلانەکەدا دەکەن. واتا ئاستی سەرەوەو ئاستی خوارەوە هاریکاری یەکترن لە داڕشتنی پلان.

لایەنە باشەکانی پلاندانانی نامەرکەزی

١. کەسانێك کە بڕیار بەدەستن، ئاشنایەتیان بەژینگەی پلان هەیە.
٢. مۆڵەت لە دیارکردنی کێشەو خراپیەکانی پلان و گۆڕانکاری لە خاڵەکانی پلان و زیادکردنی خاڵێکی دیکە، بەتایبەت بۆ ئاستەکانی خوارەوە.
٣. ئاماژەدان بەپێداویستیەکان و جیاوازی مرۆڤ.

٤. گرنگیدان بەچەندایەتی و چۆنایەتی سەرچاوەو تواناکانی ناوچەکان لە داڕشتنی پلاندا.
٥. هەموو ئاستەکانی (سەرەوە، خوارەوە) بەشداری لە داڕشتنی پلانەکاندا دەکەن.

لایەنە خراپەکانی پلاندانانی نامەرکەزی

١. بوونی جیاوازی و بۆچوونو بڕیارەکان، ئەوەش دەبێتە هۆی ناسازان و ناتەبایی لە بڕیارەکاندا.
٢. هێواشی لە بڕیارەکان و کەمبوونەوەی هاریکاری لە نێوان ئاستەکاندا.
٣. بوونی کێشە لە نێوان ئاستە جیاوازەکان.
٤. پێویستی بەئامرازی جۆراوجۆر و فراوانتر.
٥. خەرجی زۆرترو دووبارەبونەوە، هەروەك پلانەکە بەگرانی بۆ تەواوی وڵات تەواو دەبێت.
٦. پێویستە یەك دەزگا بتوانێت هەموو ئاستەکان لەگەڵ یەك ڕێکبخات.

پ/ ئامانج چ کاریگەرییەکی لەسەر داڕشتنی پلان هەیە؟

ئامانج بنچینەو دەستپێکی هەموو جۆرە پلانێکە، بۆیە ئەگەر ئامانج دیاریکرا، ئەوا چەند شتێکیی دیکەشمان بۆ بەدیار دەکەوێت، کە دیاریترینیان ئەمانەن:

١. ئامرازەکانی بەکارهاتوو بەدیار دەکەوێت.
٢. ڕێگەی پلانەکە دیاری دەکرێت، هەروەك میتۆدەکەش دیاری دەکات، کە ئایە چەندایەتیە، یان چۆنایەتیە.
٣. شێوازی بەڕێوەبردنی پلانەکەش دیاری دەکات، ئەگەر ئامانجەکەش دیکتاتۆری بوو، شێوەکەی پلانەکە سویشالیستی دەبێت، ئەگەر سەرمایەداریش بوو، ئەوا شێوەی پلانەکە نامەرکەزی دەبێت.
٤. بەهۆی ئامانجەوە چوارچێوەی پلانەکەش دیاری دەکرێت، هەروەك بەهۆیەوە ئامانج و چوارچێوەی کۆمەڵگەش دیاری دەکرێت.

پ/ ناسینی کۆمەڵگە چ کاریگەرییەکی لەسەر داڕشتنی پلان هەیە؟

بنەمای هەر پلانێك ئەوەیە، کە شارەزایی لەسەر لایەنی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی کۆمەڵگە بێت، بۆ نمونە "**پلانی وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ لە کۆمەڵگەی کوردی**"، بنەمای سەرەکی لە داڕشتنی ئەم پلانە ئەوەیە، کە ڕەچاوی پێویستیەکانی کۆمەڵگە بکرێت، واتا هاریکاری نێوان زانکۆ و کۆمەڵگە چۆن بێت، زانکۆ چۆن دەتوانێت هاریکار بێت لە گەشەپێدانی کۆمەڵگە؟، لێرەوە دەتوانرێت خوێندکاران بەپێی پێداویستیەکان لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەربگرێت بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە، بۆیە ئەگەر ئەو هاریکارییە نەبوو و، پلانەکە پێداویستیەککانی کۆمەڵگەکەی نەناسی ئەوا سەرکەوتوو نابێت و ئامانجی خۆی ناپێکێت، چۆن؟ بۆ نمونە وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری خوێندکار لەو بەشانەی کۆمەڵگە پێویستی پێیان نیە، دوای تەواوکردنی زانکۆ دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی بێکاری، چونکە نە لەکەرتی گشتی دەرفەتی دامەزراندنیان بۆ دەڕەخسێت، نە لە کەرتی تایبەتیش دەرفەتی کارکردنیان دەبێت، چونکە پیسپۆڕییەکانیان کەرتی تایبەت پێویستی پێیان نیە، بۆیە کاتێك بێکاری زۆر بوو، دیاردەی دیکەش لە کۆمەڵگە زۆر دەبێت، وەك:

١. زۆربوونی تاوان لە کۆمەڵگە.
٢. کەمی داهات.

٣. هەروەك زۆربوونی ڕێژەی هاوسەرگیری، چونکە کەلتوری کوردی هاندەری ژنهێنانـە، بـەو پێیـەی کـە گـەنـج ژنـی هێنـا بەدوای کاردا دەگەڕێت.
٤. کە گەنـج هاوسەری کرد، گرفتی نیشتەجێبوون زۆر دەبێت.
٥. گرفتی نیشتەجێبونیش، زۆر جار توندتیژی خێزانی بەدوای خویدا دەهێنێت.
٦. هەروەك ئەو گرفتە زۆربەی کات دەبێتە، هۆی تەلاق و جیابوونەوە.
٧. کە تەلاق و جیابوونەوە لە کۆمەلگە زۆر بوو، منداڵ پەرتەوازە دەبێت.
٨. منداڵ پەرتەوازە بوو، ڕێژەی نەخوێندەواری زیاد دەبێت.
٩. ڕێژەی نەخوێندەواری لە کۆمەلگە زیادی کرد، گرفتی کۆمەلاێەتی دیکە بەدوای خویدا دەهێنێت، وەك تاوان.

ئەمانەو چەندین کێشەی دیکە بەهۆی دانەڕشتنی پلانێك کە کۆمەلگەی خۆی نەناسیوە دێتە ئاراوە، بەوەش ئەو پلانە لە بری ئەوەی ببێتە هۆکارێك بۆ گەشپێدان و بەرەوپێشبردنی کۆمەلگە، دەبێتە هۆی دواکەتووی کۆمەلگە.

پلاندانانی ستراتیژی (strategic-planning)

پێشەکی

لە جیهانی ئەمڕۆدا کۆمەلگەکان گۆڕانکاریی زوریان لە هەموو بابەتێکاندا بەدیهێناوە، دەزگاو دامەزراوەکان بەدوای ئەوەوەن کە بتوانن بارۆدوخەکە زیاتر بەرەوپێشەوە بەرن، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی کێبڕکێ (Competition)، هەروەك سیستەمی دەزگاو دامەزراوەکان بۆ سەرکەوتن لەم کێبڕکیە ئەبێت لەجۆرێکی لەپلان دانان سودمەندبن و بۆ ئەوەی داهاتویان دیاری بکەن، ئەمە جگە لە ناسینی ژینگەی دەزگاو دامەزراوەکان لە مەودایەکی دیاری کراو، تا بتوانێت ببێتە هۆی سەرکەوتنی ئەو دەزگاو دامەزراوانە، یان کومەلگە.

پلان ستراتژی

☒ پلاندانانی ستراتیژی **پڕۆسەی ئامادەکردنی سەرچاوەکان و یەکخستنی چالاکییەکانە، لە پێناو بەدەستهێنانی ئامانجە درێژ خایەنەکان، ئەوەش بەئاماژەدان بەتواناکان و سنورەکانی ناوخۆ و دەرەکی.**

☒ بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین :پلان دانانی ستراتیژی بەمانای **پڕۆسەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستاو و دووارۆژی دەزگـاو دامـەزراوەکان و کومەڵگەیـە، هـەروەك ڕێکخسـتنی ئامانجـەکان و دیـارکردنی یـەك ستراتیژییە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و پێوانە و ئەندازەی کە گەرنتی دەرئەنجامەکانە.**

ئامانجەکانی پلاندانانی ستراتیژی

١. **پلاندانانی سـتراتیژی هۆکـارە بنەڕەیتیـەکانی مەترسـی ژینگـەیی شـیدەکاتەوە**، لـە پێنـاو گەیشـتن بەئامانجـەکان بەکورتترین ڕێگەی شیا، بەشێوەیکی تر دەتـوانین بڵـێین پلانـدانای سـتراتیژی پـڕۆسـەی دیـاریکردنی ئامانجـەکانی دەزگاو دامەزراوەکانە، هەروەك بڕیاردانە لەبارەی پروژە گشتگیرەکان و بەرێوەبردنیان بۆ گەیشتن بەئامانجەکان.

٢. **پلانـدانانی سـتراتیژی پیشـاندەر و دەرخـەری هێـزی داهینـانی بەرێوەبـەران و دروسـت کردنـی دووارۆژە**. یـان بەواتایەکی تر بەرێوەبەران لەڕێگەی پلاندانانی ستراتیژی ئایندەسازی دەکەن. هەروەك بۆ سودمەندبوون لەپلان دانانی ستراتیژی پێویستیە هەموو بەشەکان هاریکاری یەکتر بکەن.

بۆ داڕشتنی پلانی ستراتیژی دەتوانین ئاماژە بە سێ هەنگاوی بنەڕەتی بکەین، هەنگاوەکانیش بریتین لە:

١. دەزگاو دامەزراوەکان شوێن و پێگەی خۆیان دیاری بکەن (لە کوین؟)/ لـەم قۆناغـەدا پلانـدانـەر ڕۆڵـی زۆری نیـە، بەڵکو تەنها جێگاو و بارودۆخی ئێستای دەزگە دیاری دەکات، کە دەزگە لەسەرەتادا جێگای لەکوێیە؟.

٢. پلان بۆ ئایندەی دەزگە چیە (چی بکەین)؟/ لـەم قوناغـەدا پلانـدانـەر ڕۆڵێکی گرنگی لـە چۆنێیەتی بڕیارەکان هەیە، ئەمەش کاریگەریەکی زوری هەیە لەسەر کەوتنی پلان .

٣. بـۆ گەیشـتن بەئامانجـەکان دەبێـت سـتراتژی خۆمـان دیـار بکـەین بـۆ ئـەوەی پلانەکـە بەرێوەبـەرین/ واتـە دبێـت ستراتیژی پلان دیاری بکرێت).

پێناسەکانی پلانی ستراتیژی

- هەریەك لە (فرای- ستونەر fry& stoner) بەم شێوەیە پێناسەی پلانی ستراتیژیان کردوە، پێیان وایـە **"پلانـی ستراتیژی ئامرازێکی بەهێزی بەڕێوەبردنە، بۆ یارمەتیدانی کۆمپانیا بچووکەکان، تا بتوانن بەشێوەی پێشبڕکێ خۆیان لەگەڵ گۆڕانکارییە پێشبینیکراوەکانی ژینگە هاوسەنگ بکەن، ئەم پلانـە مەرجەکانی ئیستای دەزگـاو دامەزراوەکانیش دیاری دەکات".**
- لیرنر :(Lerner)یش پێی وایە **" پلاندانانی ستراتیژی پرۆسەی گۆڕانکاری بەردەوام و ئالۆزەکانە، ئەم پلانە لە دوارۆژ دەروانێت و، سەرەنجی ئەوەش رادەکێشێ کە کۆمەلگە دوای ٥تا ٨ سالی تر چ جیاوازیەکی لەگەڵ ئیستادا دەبێت. هەروەك چوارچێوە و هێلیك بۆ دەزگا دیاری دەکات، کە بە ئایندەی دلخوازی خۆی بگەیت.**
- چندلر(chandler): لە بـارەی پلانـدانانی سـتراتیژیەوە دەڵێـت **" پڕوسـەی دیـاریکردنی ئامرازەکـان و ئامانجـە درێژخایانەکانی دەزگاکانە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی رێگەکانی بڕیاردان و تەرخانکردنی توانا و سەرچاوەکان".**

تایبەتمەندییەکانی پلان دانانی ستراتژی

١.سە رنـج لە کاریگەری هۆکارەکانی دەرەکی دەدات.

٢.بیر لە دووارۆژ دەکاتەوە و ئایینده بیینه.

٣.درێژ خایەنە.

٤.ئەم پلانە بۆ ئەو ژینگانەی زۆر ئالۆزن و گۆڕانکاریان زۆرە بەکاردهەینرێت.

٥.پێشاندەری بایەخە زاڵەکان بەسەر کومەلگە، یان دەزگاو دامەزراوەکان.

٦.ئاماژە بەچوارچێوەی بنەماو بنەڕەتیەکانی دەزگەو دامەزراوەکان دەدات.

٧.ئەرکی بەرێوبەری مەزنە و ئاستی سەرەوە بەرییەوە دەیبات.

٨.بوارێکی ئەساسی بۆ هەموو پلانەکانی تر لە ئاستی دەزگاو دامەزراوەکان دیار دەکات.

شێوازەکانی بەڕێوەبردنی پلاندانانی ستراتیژی

- ☒ دیاریکردنی ڕوانگەی (دووربینی) دەزگاو دامەزراوەکان (Perspective)
- ☒ دیاریکردنی بەرپرسیارێیەتی و ڕاسپاردەکان .
- ☒ دیاریکردنی بایەخدان و شێوازەکانی ڕەفتار.
- ☒ هەڵسەنگاندنی ژینگەی ناوخۆ و دەرەکی دەزگاو دامەزراوەکان، یان کۆمەلگە.
- ☒ دیاریکردنی ئامانجەکان بەشێوەیەکی گشتی.
- ☒ دیاریکردنی ستراتیژی
- ☒ هەڵسەنگاندن و لێکولینەوەی کردەوەکان.

قازانجەکانی پلاندانانی ستراتیژی

١ . ئەم پلانە پێش دەرکەوتنی کێشەکان، دەزگاو دامەزراوەکان ئاگادار دەکاتەوە.

٢ . دەبێتە هۆی رەزامەندی زیاتر بەرێوەبەران.

٣. گۆرانکارییەکان دیار دەکات و، مەرجەکانی چۆنییەتی کاردانەوە لە بەرامبەر گۆرانکارییەکان ئامادە دەکات.

٤. هەرپێداویستیەك کە بۆپێناسەکردنی دوبارەی ڕێکخراوەکان، یان دەزگاو دامەزراوەکان پێویستە، دەستنیشانیان دەکات.

٥. بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، چوارچێوەیەکی باش دروست دەکات، هەروەك یارمەتی بەڕێوەبەران دەدات بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی باشی لەسەر دەزگاو دامەزراوەکان هەبێت.

٦. کارئاسانی دەکات بۆ ناساندنی زیاتری بازارەکانی ئایندە.

٧. ڕوانگەیەکی ئامانجدار و مەبەستدار لە بابەتەکانی بەڕێوەبردن پێشاندەدات.

٨. چوارچێوەیەك بۆ دووبارە بینینەوەی ئەنجامی بەرنامە و کۆنترۆڵی چالاکییەکان دیار دەکات.

٩. بەشێوەیەکی زۆر و باشتر، کات و سەرچاوەکان بە دەرفەتەکانی دیاریکراو تەرخان دەکات.

١٠. دەبێتە هۆی هاریکاری زیاتری ئەنجامی ئەو ستراتیژیانەی کە پلان بە ئەنجام دەگەیینیت.

١١. چوارچێوەیەك بۆ پەیوەندییەکانی ناوخۆ لەنێوان فەرمانبەران دروست دەکات.

١٢. ئەولەوییەتەکان لە چوارچێوەی کاتی پلانەکان دیار دەکات.

١٣. دەبێتە هۆکارێك بۆ کێبرکێکردنی دەزگاو دامەزراوەکان لەبەرامبەر دەزگاکانی دیکە.

١٤. بیروڕایەکی داهات بین بەدەزگاکان دەدات.

قۆناغەکانی پلاندانانی ستراتیژی

١.دەست پێکردنی پرۆسەی پلاندانان و گفتوگۆ و گەیشتن بە کۆدەنگی لەسەر پلان.

٢.دیاریکردن و ناسینی چواچێوەی دەزگاو دامەزراوەکان.

٣.شێوازی دروست بوونی چۆارچیوە و بایەخەکانی دەزگاو دامەزراوەکان دیاری دەکات.

٤.هەلسەنگاندن بۆ ژینگەی دەرەکی دەزگاو دامەزراوەکان (دەرفەت و مەترسیەکان) دەکات.

٥.هەلسەنگاندنی ژینگەی ناوخۆی دەزگاو دامەزراوەکان (بەهیزیەکان و لاوازییەکان) دەکات.

٦. ئەو بابەتە ستراتیژیەتیانەی کە دەزگاو دامەزراوەکان بەرامبەر بە ئەوانە دەبێت دیاریدەکات.

٧.ڕێکخستنی ستراتیژیەکان بۆ بەڕێوەبردنی بابەتەکانی پەیوەست بەستراتێژی

٨. لە کۆتایشدا هەلسەنگاندن بۆ پلانەکە دەکات.

سەرچاوەکان

- الوانی، سید مەدی، مدیریت عمومی، نشرنی، ١٣٧٦، چاپ دوم .
- براین کوبین، جیمز و منیزبرگ، هنری و جیمز رابرت، مدیریت استراتژیك، ترجمه محمد صائبی، مرکز ئ موزش مدیریت دولتی، ١٣٧٦، چاپ دوم .
- رچاییان، علی، اصول مدیریت، انتشارات سمت، چاپ ششم، ١٣٧١ .
- زاهدی، شمس‌السادات و الوانی، سید مەدی و فقیەی، ابوالحسن، فرەنگ جامع مدیریت، انتشارات دانشگاه علامه گباگبایی، چاپ دەم، ١٣٧٩ .

- صادق پور، ابوالفچل و مقدس، جلال، نڤریه سازمان مدیریت و علم مدیریت، مرکز ئموزش مدیریت دولتی، چاپ هفتم، ۱۳۷۴

پلاندانانی پەروەردە

پێشەکی

- ژیانی مرۆڤ ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە و، هەر ڕەهەندێك پێشاندەری یەکێك لە پێداویستیەکانە، پێداویستییە مادییەکان ڕەهەندی ئابوری ژیانی مرۆڤ دروست دەکات و، پێداویستییە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان ڕەهەندەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی دەردەخات. هەر یەك لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ پانتایی، یان سنورێکی زۆری هەیە، بۆیە ناچارین ڕێگەیەك هەڵبژێرین کە لەگەل حەز و پێداویستی و ئامانجەکانی کۆمەلگە گونجاو بێت.
- بۆ گەیشتن بە هەموو پێداویستییەکان و گەشەکردنی کۆمەلگە، دیاریکردنی ئامانجەکان زۆر گرنگە، بەڵام بەتەنیایی سوودی بۆ کۆمەلگە نیە، بەڵکو دەبێت شێواز و ئامرازەکانی گەیشتن بەئامانجەکان گونجاو و شیاوبێت تا بەبەکارهێنانی دروست و زانستی هۆکاری گەیشتن بە ئامانجەکان و گەشەی کۆمەلگە دیاری بکرێن.

قوناغەکانی پلاندانان

١. ناسینی دۆخی ئیستا: پلاندانەر دەبێت بەر لە هەموو شتێك توانا و دەرفەت و ڕێگرییەکان بناسێت، چونکە ئەگەر ئەم قوناغە بەڕێکوپێکی ئەنجام نەدرێت، پلاندارێژەران ناتوانن جوڵانەوە و ڕێککەوتنیان بۆ ئایندەیەکی باشتر و متمانە پێکراو هەبێت.
٢. دیاریکردنی ئامانج: دوای تاوتوێکردن و هەلسەنگاندنی دۆخی ئیستای کۆمەلگە. چاوەڕوانیەکان و داواکارییەکانی کۆمەلگە بۆ پلاندانەر بەدەردەکەوێت و، پلاندانەر بەپێی ئەو چاوەڕوانیانە و داواکاریانیەی کۆمەلگە ئامانجەکانی پلانەکەی ڕێکدەخات.
٣. پێشبینی ڕێگە و شێواز و ئامرازەکان: جگە لە دیاریکردنی ئامانج کە گرنگی زۆری هەیە، هەروەك ئەوەش گرنگە کە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان ئامرازی شیاو بەکار نەهێنین، چونکە پلانەکە دەرەئەنجامی نابێت، بۆیە دەبێت ئەم پرسیارە بکەین بە چ شێواز، یان ڕێگەیەك دەمانەوێت ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان بەدەست بێنین و پێویستمان بە چ ئامرازێکە؟
٤. تاقیکردنەوە پێش ئەنجامدان (بەڕێوەبردن) جێبەجێکردن: دوای دیاریکردنی ئامانج، ڕێگە و شێوازە و ئامرازەکانی پلانەکە لە چەند نمونەی سنوردار ئەنجام دەدرێت، ئەم کارە دەبێتە هۆی بایەخدان بەپلان و بەدەستهێنانی متمانە لە ئامرازەکان.
٥. ئەنجامدان (بەڕێوەبردن): لەم قۆناغەدا پلانەکە بەتەواوەتی دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەك ئاماژە بەئامێرەکانی پێویست و مەرجەکانی ئەنجامدان و ڕێگەی شیاو بۆ گرنگییەکانی بەڕێوەبردنی پلانەکە دەدات.
٦. هەڵسەنگاندن: خاڵە بەهێز و لاوازەکان لەکاتی ئەنجامدانی پلانەکەدا بەدیار دەکەوێت، هەڵسەنگاندن کۆشیشکی ڕێکخراو و، بەردەوامە بۆ تاتوێکردنی ڕادەی سەرکەوتنەکان و، دیاریکردنی کەموکورتی و کێشەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان.

دەبێت لە هەڵسەنگاندن وڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە

- ☒ ئامانجەکان تا چ ڕادەیەك لە چوارچێوەی پلانەکەدا داڕژاوە؟
- ☒ ئامانجە چاوەڕوانکراوەکان تا چ ڕادەیەك جێبەجێ کراوە؟
- ☒ تا چ ڕادەیەك شێواز و ئامرازەکان کە هەڵبژاردراون لەگەڵ ئامانجەکان هاوسەنگە؟
- ☒ تا چ ڕادەیەك چالاکییە جۆراوجۆرەکانی پلان لەگەڵ هۆکارە مرۆییەکان هاریکاریان هەیە؟
- ☒ تاووتوێکردنی هۆکارەکان و هویەکانی دیکە لە پلانەکەدا چەند یارمەتیدەرە؟

جۆرەکانی پلاندانان لە پەروەردە

١. Educational Programming: ئەم شێوازە بەپلانێك دەوترێت کە ئامانجی بەتەواوەتی دیارە و شایانی پێوان و ئەندازە گرتن و هەلسەنگاندن بێت، هەروەك سنور و کاتی پلان و سەرچاوە دارایی و مرۆیی و تەکنیکیەکان کە پلانەکە سودیان لێ وەردەگرێت دیاری بکرێت، بۆ نمونە پلانی: پڕۆژەی دابینکردنی پەرتۆکەکانی خوێندن، پڕۆژەی هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی نەخوێندەواری، پڕۆژەی پەروەردەکردنی مامۆستایان، ڕاوێژکاران و هتد...

٢. پلاندانای هێزی مرۆیی (Manpower Planning): ئەم پلان بریتیە لە پەروەردەکردنی هەموو فەرمانبەران، ئەندازیاران، پزیشکان، مامۆستایانی سەرەتایی تا زانکو، پلاندانانی مرۆیی ڕاستەخۆ لەگەڵ پلاندانانی ئابوری پەیوەندی هەیە، هەر لەبەرئەوەیە کە ئامانجی پەروەردەکردنی کەسانیکە، کە بازنەی ئابوری وڵات چالاك دەکەنەوە، بەشێوەیەکی گشتی پلاندانانی هێزی مرۆیی زیاتر لە سەر ئەو لایەنەیە، کە بەپەروەردەکردنی تاکەکان بۆ بازاری کار فوکوس یان تەرکیز دەکات و، تاك ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆی لە ناو کۆمەڵگە وەکوفەرمانبەرێك، یان کاسبکارێك، هتد... پیشان بدات و، تاك ئامادە دەکات بۆ ئەوەی پێداویستی بازار و پسپۆڕی کۆمەڵگە دابین بکات و، ڕەهەندەکانی تری وەك پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی، ئەقڵانی ، سۆزداری، هونەری، مەعنەوی دیاری بکات.

٣. پلاندانانی فێرکاری: پلاندانانی فێرکاری هەموو ڕەهەند و بناغەکانی لەبەرچاو دەگرێت و، هەموو بەشەکانی پەروەردە جا چ کۆمەلایەتی بێت، یان ئابوری، تاکەکەسی لە قۆناغی سەرەتایی بێت، یان زانکۆ، یاخود ڕەسمی و ناڕەسمی بێت، سنوری ئەو پلانەش لە هەموو جۆرەکانی دیکەی پلانی پەروەردە زیاترە. **پلاندانانی فێرکاری: بریتیە لە بەکارهێنانی شێوازەکانی لێکدانەوە و شیکردنەوەیان سەبارەت بە هەریەك لە ئەندام و بەشەکانی سیستەمی پەروەردە و ئامانجی سەلماندن و بەردەوامیدان بەسیستەمی پەروەردەیی لێهاتووی.**

پەروەردە یەکێك لە بناغە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە، کە ئەرکی پەروەردەکردن و فێرکاری و پێکهێنانی تاکێکی شیاوە بۆ کۆمەڵگە، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەش دەبێت یەك سیستەمی پەروەردەیی لێهاتوو بوونی هەبێت، هەروەك دەبێت هەموو بەشەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر هەبێت تا گەیشتن بەئامانجەکان ئاسان بکات، پێویستیشە ژینگەی پەروەردە زۆر شیاو بێت بۆ پڕوسەی زانستخوازی و هەموو ئامرازەکانیش ڕێك بخات.

پ/ ئایا گۆڕینی سیستەمی پەروەردە لەم قۆناغەدا پێویست بوو؟، لایەنە خراپ و باشەکانی ئەو سیستەمە لەچیدایە؟

گۆڕین و هەموارکردنەوەی سیستەمی پەروەردە بەیەکێك لە پێویستیە سەرەکیەکانی هەر کۆمەڵگەیەك دادەنرێت کە بخوازێت لەگەڵ پێشکەوتن و قۆناغەکانی سەردەم بگونجێت و، ڕۆڵی هەبێت لەبەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە، چونکە بەهۆی دارشتنی پلانێکی ستراتیژی بۆ پەرەوەردەو دارشتنی سیستەمێکی هاوچەرخ دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەمای پلانەکانی دیکەش بەهەمان شێوە سەرکەوتوو بێت، چونکە پەروەردە بنەمای تێکڕای پلانەکانی دیکەیە، بەو پێیەی کە پەروەردە پەیوەستە بەکۆی بوارەکانی ژیان، لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین گۆڕینی سیستەمی پەرەوەردە بەیەکێك لە پێداویستیە لە پێشینەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی دادەنرێت، چونکە ئەو سیستەمەی لە ساڵانی پێش ٢٠٠٠ هەبوو نەیتوانیبوو مرۆڤێکی تەندروست و پێگەیشتوو و بەرهەمهێن بۆ کۆمەڵگە دروست بکات...هەموو ئەو کێشەو کەموکوڕییانەی کە لەو سیستەمە کۆنـدا هەبوو پێویستی دەکرد گۆڕانکاری بەسەردا بهاتایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ چەمك و بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی هاوتەریب بوایە، بۆیە لەو ڕوانەگەیەوە دەکرێ بڵێین گۆڕینی سیستەمی پەروەردە بەیەکێك لە پێداویستیە گرنگەکانی ئەم قۆناغەی کۆمەڵگەی کوردی دادەنرا، بەستنی کۆنگرەوە دارشتنی ئەو سیستەمە نوێیە کە سوود لە ئەزموونی ولاتانی پێشکەوتوو بەتایبەت سود وەرگیراوە کارێکی بەسوود و گرنگە بوو، بەڵام ئەم مانای ئەوە نیە کە بەدەر بێت لە ڕەخنە، ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ئەو سیستەمە نوێیەی بواری پەروەردە دەکرێت بریتین لە:

١. دۆخی کۆمەڵگەی کوردستانی ڕەچاو نەکراوە: ئەو سیستەمە گرنگ بوو ڕەچاوی دۆخی کۆمەڵگەی بکردایە کە ئاستی ڕۆشبیری تاکەکانی کۆمەڵگە لەکۆیدایە.

٢. ئامادەکاری مرۆیی بۆ نەکراوبوو: گرنگە بەر لەجێبەجێکردنی هەر سیستەمێك توانا مرۆییەکان بزانرێت، ئەگەر کەم بوو پێویستە زیاد بکرێت، ئەوەی لەو سیستەمە بینیمان توانا مرۆییەکان وەك پێویست نەبوون و مامۆستایان خول و ڕاهێنانی پێویستیان بۆ نەکرابوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیان، ئەو کۆلێژە بنەڕەتیانەی کە ئەمساڵ (٢٠١٢-٢٠١٣) بۆ مامۆستایانی پەروەردە لە زانکۆکانی کوردستان کرانەوە، پێویست بوو پێشتر بکرایە.

٣. دابین نەکردنی پێداویستیەکان: یەکێکی دیکە لە کەموکوڕییەکانی جێبەجێکردنی ئەو سیستەمە خۆی لە دابین نەکردنی پێداویستیەکانی خوێندن دەبینێتەوە، وەك باڵەخانە و هۆڵی خوێندن و ئامرازەکانی دیکەی فێربوون وەك پەرتووك و کۆمپیوتەرو....

٤. بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگە: یەکێك لە پێداویستیەکانی ئەو سیستەمە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگەیە، چونکە پەروەردە پەیوەندی بەهەموو تاکێك و خێزانەوە هەیە، دەبێت لەو ڕێگەوە هەوڵبدرایە پەیوەندییەکی دروست لە نێوان خێزان و خوێندنگە دروست بکرایە، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە ڕەنگدانەوەی هەبوایە لەسەر جۆری پەیوەندییەکانی نێوان خوێندکارو مامۆستا، بەڵام ئەو سیستەمە ئەوەی فەرامۆش کردوە.

٥. تا ڕادەیەك لە پڕۆگرامەکانی خوێندندا کەمتر ڕەنگدانەوەی دۆخی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کەلتور و... کۆمەڵگەی کوردستانی تێدا کراوە.

٦. یەکێك لە کەموکوڕییەکانی دیکەی ئەو سیستەمە ئەوەیە کە نازانرێت فەلسەفەی سەرەکی ئەو سیستەمە چیە، واتە لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی ئاینیە، یان کۆمەڵایەتیە، یان زانستیە...ئەوەش ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیستەمە هەبووە.

پلانـی کـەلـتـوری

ئەگەر پلاندانان بە دەستتێوەردانێکی ئامانجدار و هۆشیارانە و و شیاوی مرۆڤ بزانین، ئەمە بیرێکە چارەسەری کێشەکان و پرۆسەکان دەکات، لەوانەیە دەرئەنجامەکەی سەرکەوتن بێت یان نا، لەسەر ئەم بنەمایە پلان دانانی کەلتوری بریتییە لە کۆششێکی هۆشیارانە و ڕێکخراوی دەولەت، بۆ گۆڕان لە دۆخی ئێستا و گەیشتن بە ئامانجێکی شیاو لە بنەما جۆراوجۆرەکانی کەلتوری.

ئەو خاڵانەی لەو پێناسەیە دەردەکەوێت بریتین لە:

- لە کەلتوردا دەتوانێت پلان بۆ بونیادێکی شیاو دابنرێت.
- کێشەکانی کە لە کەلتور هەن دەبێت بەپلان چارەسەر بکرێت.
- پلاندانانی کەلتوری دەوڵەت لێی بەرپرسە و دەبێت ئەو ئەنجامی بدات.
- پلاندانانی کەلتوری لەسەر بنەمای لایەنی کەلتوری کۆمەڵگە دادەڕێژرێت.
- بەشێوەیەکی گشتی پلان دانانی کەلتوری بریتیە لە کۆششێکی هۆشیارانە و شیاو بۆ گۆڕان لە چالاکیەکان و بەرهەمە هزری و هونەریەکان، لە چوارچێوەی گەیشتن بە ئامانجە شیاوەکان، یان ئامانجە خوازراوەکانی پلانڕێژ.

⋆ پێناسەی دکتۆر (محمد رچا تاجیك) بۆ پلاندانانی کەلتوری، لەو بارەیەوە دەڵێت **پلاندانی کەلتوری کۆششێکی هۆشیارانەیە بۆ گۆڕان لەیەك بابەت، لەسەر بنەمایەکی هزری کە پێشتر لەلایەن پلان ڕێژەوە بۆی دیاری کراوە، لەو ڕوانگەیەوە کەلتور کۆمەڵێك (بیروباوەر، بەها ، هەست، و رەفتار)ی ئاڵۆزە.**

گرنگە و پێویستە پلاندانانی کەلتوری بەدوای دوو شت بگەڕێت:

یەکەم: پلانی کەلتوری واتە گۆڕان و بەردەوامی.

دووەم: ئەو کۆمەڵگەیانەی وەك خۆمان لەدۆخی ڕاگوزەرداین بەقۆناغەکانی گەشە، گۆرانێکی خێراو ناهاوسەنگ و نابەرامبەر تاقیدەکاتەوە، لەهەمان کاتدا پێویستی بەڕێکخستنێکی هاوسەنگ و گۆرانێکی ئامانجدارە.

تێڕوانینەکان بۆ پلاندانانی کەلتوری

یەکەم/ سیستەمی لیبرالیزمی لەگەڵ پلاندانانی کەلتوری نیە: لەم ڕوانگەیەدا هەڵبژاردنی سیستەمێکی کەلتوری دیاری کراو، بەمەترسی بۆ هەڵبژاردنی ئازادی تاك و گەشەی بازرگانی دادەنرێت، بۆیە پلاندانانی کەلتوری بە پێویست دانانێن، لە لایەکی ترەوە ئەو تێڕوانینە پێیی وایە کە کەلتور بابەتێکی ئارەزومەندانەیە و، دەرئەنجامی ژیان و ئەزموونی مرۆڤە، لەبەر ئەوە ناتوانین و نابێت گۆران لەلایەنی کەلتوری دروست بکەین. **لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەم بابەتە دەڵێن:**

١. ڕێکخستنی هاوسەنگیە سیاسیەکان کاریگەری خراپی لەسەر چالاکی دەزگاو دامەزراوە تایبەتیەکان هەیە.
٢. سیاسەتکردنی کەلتوری دەوڵەت، دەبێتە هۆی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە گەشەی کەلتوری.
٣. دەست تێوەردانی حکومەت نابێتە هۆکاری هاریکاری کەلتوری، بەڵکو کاریگەری خراپی لەسەر کەرتی تایبەت هەیە.

دووەم/ سیاسەتی کەلتوری لەلایەن دەوڵەتەوە بەگرنگ و پێویستی کۆمەڵگە دەزانێت: ئەم ڕوانگە پلاندانانی کەلتوری زۆر بە گرنگ و پێویست دەزانێت بۆ کۆمەڵگە، لەهەمان کاتدا بەمەترسی بۆ سەر ئازادی تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی دانانێت.

★ ڕۆڵ و پێگەی دەولەت لە پلاندانانی کەلتوری ((دوو ڕوانگە هەیە))

١. بەشێك بڕوایان بە دەست تێوەردانی زۆرینەی حکومەت لە پلان دانانی کەلتوری هەیە: نمونەی وەك ئێران لە ئاسیا و فەرەنسا لە ئەوروپا. تاك پلاندانانی کەلتوری بە دەولەت دەزانن. مێژووی پلانی فەرەنسا لە سەدەی ١٦ تا ئێستا ڕۆڵی دەوڵەت پیشان دەدات لە پێشخستن و ڕێکخستنی(زانست، هونەر، کەلتور)و، پێشکەوتنی هەنگاو بەهەنگاوی پێکهاتە کەلتوریەکانی کۆمەڵگە.

٢. بەشێکیان پێیان وایە ئەرکی دەوڵەتە کەچاودێری و پشتیوانی و پاراستنی چالاکیە کەلتوریەکان بکات: دەوڵەت تەنیا لەم دوو ئاستە هێزی ((پشتگیری و چاودێری)) ئیش دەکات. لەم ڕوانگەیەوە ڕێکخراوی یونسکۆ دەڵێت: دەست تێوەردانی دەوڵەت سنورێك بێت بۆ دابینکردنی سەرچاوەکان بۆ پەرەپێدان و بەرزبونەوەی کەلتور و، دەست تێوەردانی زۆری دەوڵەت دەبێتە هۆی ئازادی و کەمکردنەوەی بەشداری پسپۆران، هەر لەبەر ئەوەیە کەمکردنەوەی دەست تێوەردانی حکومەت و کەرتی تایبەتییش بەشداری دەکات.

★ گۆردن پێنج مەرجی بنەڕەتی بۆ بۆ پلاندانانی کەلتوری دەخاتەڕوو:

١. یەکسانی و هاوسەنگی سیاسی: هاوسەنگی واتە بەرەو پێش بردنی کەلتور تەنیا لەبەر خودی کەلتور، نەك ئامانجی پارتە سیاسیەکان، یان لە پێناو لایەنەکانی تر بێت، چونکە کەلتوری نمونەیی کەلتورێکە دەرگای کراوە دەبێت لەسەر هەموو کەلتورەکانی دیکە، بۆیە دەبێت کەلتور سەربەخۆ بێت و لە دەست تێوەردانی سیاسی و دەوڵەت دووربێت، چونکە ئەگەر هاتوو سیاسەتی پارتێك زاڵ بوو بەسەر کەلتوردا و ئاماژەی بە کەلتوری هەموو چین و توێژەکان نەکرد و ئەوا پلانێکی سەرکەوتوو نابێت، چونکە ڕەنگدانەوەی ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە نیە و بەیەك شێوە سوودمەند نابن لە پڕۆژە کەلتورییەکان، ئەو یاساو بڕیارانەشی کە لەو بوارەدا دەردەکرێن دەبێت بۆ هەموو کۆمەڵگە بێت، نەك بۆ خزمەتی پارتێکی سیاسی دیاریکراو بێت.

٢. سەرمایەگوزاری واقعیانە بێت: ئەگەر چالاکیە کەلتوریەکان پشتگیری نەکرێن بەسەرچاوەی ماددی، پێکهاتەی کەلتوری دووچاری دەست تێوەردان و گۆڕانی بەردەوام دەبێت و، دەبێت هەموو ساڵێك بودجەیەکی دیاری کراو بۆ کەلتور هەبێت، بۆ نموونە کاتێك کە ڤیستیڤاڵی کەلتوری گەلان لە کوردستان دەکرێت، ئەگەر بێت و حکومەت پاڵپشتی کەلتوری کوردی نەکات، لەو کاتەدا کەلتوری کوردی بەرەو گۆڕین، یان لەناوبردن دەچێت، بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە کوردستان بەرەو کرانەوەیەکی زۆر هەنگاوی ناوە. بۆیە پێویستە ئەو پلانەی لەو چوارچێوەیەدا دادڕێژرێت دەبێت واقعیی بێت و ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بێت

٣. دیاریکردن و ڕێکخستنی چوارچێوەیەك بۆ کەلتور دوور لە دەمارگیری: بوونی جۆرێك لەسیستەمی سیاسی، چونکە بۆ بەرهەمهێنانی کەلتووری و هونەرمەندان زۆر پێویستە. پشتگیری لە مافەکان و بەرهەمەکانیان(کۆپی ڕایت)،

ناچارکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (ڕادیۆ ، تەلەفزیۆن، ...) دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی کوالیتی کەلتوری بەرنامەکانیان، هەموو ئەمانە پێداویستییەکانی سیاسەتی کەلتورێکی شیاوە.

٤. خەڵات و بازرگانی و پیشەی کەلتوری: یەك سیاسەتی کەلتوری شیاو، پێویستی بە پیشەو بەرهەمهێنانی کەلتوری ئازاد و بەهێزە، لەبەر ئەوە نابێت لەگەڵ بەرهەمە کەلتووریەکان وەك بەرهەمەکانی تر ڕەفتار بکەین.

٥.پەروەردەو فێر کردن: دەبێت سیاسەتێکی زۆر بەهێز بۆ پەروەردەو فێرکردنی کۆمەڵگە هەبێت، تا کار لەسەر لایەنی کەلتوری کۆمەڵگە بکات، بۆ نمونە ناچارکردنی وانە هونەریەکان لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و فێرکردن، لەهەمان کاتدا ڕەخساندنی بوارێك بۆ توێژینەوە لەسەر لایەنی کەلتووری کۆمەڵگە و دیاریکردنی خەڵات بۆ هونەرمەندان و نووسەران.

تایبەتمەندییەکانی پلاندانانی کەلتورێکی شیاو:

١. دەبێت نەرم و نیان بێ و توانای چەمانەوەی هەبێت.
٢. تاقی کرابێتەوە و، ئەزمون کراو بێت.
٣. یەك لایەنە بێت لەسەر بنەمای کلتوری، ستراتیژێك بێت و لایەنی کەلتوری کۆمەڵگە ڕەچاو بکات، دەبێت بەپێی ئەولەویەت بێت.
٤. خەسڵەتی پێکهاتەی هەبێت، نەك ئیجباری، پلاندانان دەبێت دەرفەتەکانی پێکهاتەی دابین بکات، نەك بەئیجبار بڕیار بدات.
٥. بەشداری مرۆڤی تێدا بێت.
٦. دەبێت ئارەزومەندانە بێت بۆ بەشداری خەڵك، لەبەرئەوەی ئەو پلانە لەگەڵ هزر و بیروباوەڕی مرۆڤ ئیش دەکات، بۆیە دەبێت ئارەزومەندانە بێت.
٧. واقعی بێت، توانای سازان و گونجانی لەگەڵ سیستەمدا هەبێت، هەروەك ڕەچاوی توانای سەرچاوەکانی کۆمەڵگە بکات.
٨. هاوسەنگ بێت لەگەڵ ویژدانی گشتی کۆمەڵگە.
٩. ئایندە بیین بێت.
١٠. سنوری بەسترابێتەوە بەسنوری نەتەوەیی.
١١. زۆر ئاماژە بدات بەبەرهەم هێنانی کەلتوری و هونەری و چوارچێوەی کەلتوری.
١٢. لەسەر بنەمای ئەولەویەتی کەلتوری بێت.
١٣. کۆبونەوە و ڕەزامەندی و هاودەنگی ڕەسمی نێوان بەرپرسان و ڕێکخراوەکانی لەسەر بێت.

کـۆتـایی کورسی خـوێندنـــی